


هەڵبژاردن واتە مافی تاک لە دیاریکردنی نوێنەر و چارەنووسی خۆی لە ڕێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە، بۆ ئەوەی لایەنی متمانە پێدراو بتوانێت لە ئاست داخوزییەکانی زۆرینەی جەماوەردا بێت، ئەم پرۆسەیە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بووەتە کەلتوری گەلان و بەپێی دیاریکردنی وادەکەی ساز دەکرێت، بەڵام بۆ گەلانی رۆژهەڵات و وڵاتانی تازە ئەزموونێکی نامۆیە، لە عێراقدا ئەم ئەزموونە بەمانا دیموکراسییەکەی پەیڕەو نەکراوە جگە لە هەرێمی کوردستان کە پاش راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وە دوو پرۆسەی جەماوەری فراوانی لەو جۆرەی مومارەسە کردووە ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانە ئەمە وێڕای هەڵبژاردنی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردی.

ئێستا کوردستان و عێراق لەبەردەم پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی کەم وێنەدان، پرسەکە ئەوەیە، هەڵبژاردن دەکرێت، ئاکامەکانی خواستەکانی گەلانی عێراق، تەنگژەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە، ئەجیندای حکومەتی تازە، خواستی کورد و کەمە نەتەوەکان... چەندین پرس و گومان و بیرورا تەوەری ئەم بابەتەن. لێرەدا بۆچوونی کورد ستانییەکان لەسەر شەقامی کوردی دەخەینەڕوو.


# رای گشتی کورد چۆن دەڕوانێتە هەڵبژاردن؟

راپۆرتی نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

## سەرەتا هاوکارمان خاتوو شیلان یاسین لە هەولێری پایتەخت ئەو پرسەی رووبەڕووی کۆمەڵێک لە چینە جیاوازەکانی خەڵکی شار کردەوە و ئەو بەڕێزانە بەم جۆرە رای خۆیان دەربڕی



**کارزان بابان:** پێموایە هەڵبژاردن ناکرێت، ئەگەر بشکرێت ئەوا دەبێتە فەوزا و زۆر رەشبینم بەم پرسە.



**بەناز حەسەن:** من وەک کچە کوردێک مافی دەنگدانم هەیە، خۆشحاڵم کەوا بەم نزیکانە هەڵبژاردن لەعێراق و کوردستان ساز دەکرێت و ئایندەی هاووڵاتیان دیاری دەکرێت، هەرچەندە تا ئێستا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداریم نەکردووە چونکە تەمەن مەودای پێنەداوم، خۆشبەختانە ئەمساڵ دەتوانم لەم پرۆسەیەدا بەشداربم و خاوەن رای تایبەتی خۆم بم.

**ریبوار مارف/ قوتابی پەیمانگا:** هەبوونی پرۆسەیەک بەناوی هەڵبژاردنەوە لە عێراق دەشێت پرۆسەیەکی نیگەتیڤانە بێت و لەوانەشە نەتوانێت گوزارشت لە خواستەکانی گەل بکات، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە نائومێدییەکی زر بە پرۆسەکەوە دیارە چونکە لیژنەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەم پرۆسەیەدا ئەکتیڤ نین و ناتوانن بە ئاسانی کارەکان بەڕێوەبەرن، بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە خەڵک هەیە مردون بەڵام فۆرمی خۆراکیان هەیە و ناویان تۆمار کراوە و خەڵکی دی لە جێگەیان دەنگ دەدەن.




**رازیەخان/ ژنی ماڵەوە:** حەز دەکەم ئەم هەڵبژاردنە بەبێ شەڕ و شۆڕ تەواو بێت و ئێمەش بتوانین بەبێ دوو دڵی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بە دڵخۆشییەوە دەنگ بدەین.

**مەحمود محەمەد/ پۆلیسی هاتووچۆ:** بێگومان ئێمەی کورد لەمێژە پێویستمان بە هەڵبژاردن هەبوو چ بۆ کوردستان و چ بۆ عێراقیش، دەبێ هەرچی زووترە دەستپێشخەری بکرێت بەراستی کاتێک گەشبین دەبم کە پرۆسەکە بە عادیلانە بەڕێوە بچێت.

**ئازاد تۆفیق/کاسبکار:** هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە کە لە ئارادایە بێ کێشە و گیروگرفت ئەنجام بدرێت.


## لە شاری کەرکوکیش هاوکارمان خاتوو (سەمیرە حەسەن)ی رۆژنامەنووس ئەم پرسەی خستنەبەردەم ژمارەیەک لە چین و توێژەکانی شاری کەرکوک و ئەو بەڕێزانەش بەم جۆرە دیدگای خۆیان بەدەرخست



**خاتوو ئومێدە داود نوری پارێزەر:** بێگومان هەڵبژاردن لەهەر دەوڵەتێک ئەنجام بدرێت دەبێت بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی ئەو دەوڵەتە رەچاو بکرێت، هەمووان دەزانین ئاسایشی عێراق ناسەقامگیرە و ئەم دۆخە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هاووڵاتییانی عێراق، مەبەستم نییە بڵێم سەرکەوتوو نابێت ئەم پرۆسەیە بەڵکو دەبێت هەمووان هاوکار بین لەسەرکەوتنی پرۆسەکەدا.




**رەعد جەلیل سەرۆکی بەشی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک:** لەسەردەستی رژێمی لەناوچوو گەلانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی مەینەتی زۆری دی، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە هەموو کەسێک مافی خۆی دیاری بکات لە سندوقەکانی هەڵبژاردندا بۆ ئەوەی کەسانی شیاو لەم وڵاتەدا جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری بە مافی راستەقینەی خۆیان بگەن.



**هەڤاڵ عەبدوڵڵا عوسمان قوتابی:** هیوادارم ئەم پرۆسەیە دوا بخرێت بۆ ئەوەی ئامانجەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکرێت لەم شارەدا ئەویش بە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی مادەی (٥٨) لە دستوور یکاتی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی واتە هاوردەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و کوردە دەرکراوەکانیش بە زێدی خۆیان شاد ببنەوە، گەر ئەم هەنگاوە بنرێت خەڵکی هەست دەکات لە وڵاتێکدا دەژی مافی پارێزراو و زامنە.

**خاتوو ژیان عەزیز جێگری بەرپرسی دەزگای رۆژ لە شاری کەرکوک:** جارێک کەرکوک هیچ بارودۆخی روون نەبۆتەوە نە لەلایەنی سیاسی و نە لەباری راستکردنەوەی جوگرافییەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و هەڵبژاردن لەم شارەدا ئەنجام بدرێت سەرکەوتوو نابێت، دواجار دەبێت مادە (٥٨)ی دەستووری کاتی جێبەجێ



بکرێت بۆ ئەوەی گەلی کورد دووبارە مەغدور نەبێت لەم شارەدا. هیوادارم مافی ئافرەتان لە هەڵبژاردندا رەچاو بکرێت و رێگریان لێنەکرێت بۆ بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان، لە کۆتاییدا وەک ئافرەتێک و مرۆڤێکی عێراقی ئومێدەوارم کەسێکی دیموکراتخواز و مرۆڤ دۆست ببێتە سەرۆکی عێراق.



**قاسم غەمگین قوتابی بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک**: پێموایە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکەرکوکدا دەبێت دوا بخرێت چونکە زۆر داواکاری کەرکوکییەکان هەن جێبەجێ نەکراون لەوانەش مانەوەی عەرەبە هاوردەکان و نەگەڕانەوەی خەڵکە رەسەنەکەی کەرکوک بۆ زێدی خۆیان و خستنەوە سەری ئەم شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی شارۆچکەکانی دوزخورماتو و جەلەولا و کفری و چەمچەماڵ و خانەقین و شوێنەکانی تری بۆ سەر ئیدارەی کەرکوک.

خاڵێکی تر گرنگە بەهەند وەربگیرێت ئەویش چاودێری ئەوانەی سەر سندوقەکانە بۆ ئەوەی کاری لابەلا ئەنجام نەدەن.



**فاتیمە مەهدی رەزا لە گەڕەکی ئیمام قاسم**: لەکاتی رژێمی سەدامدا تەنیا سەدام خۆی هەڵدەبژارد و بە زۆر دەبوایە خەڵکی بڵێن (بەڵێ) ئەگەر ئەو کاتە ئازادی هەبوایە ٩٩٪ دەیانگوت (نەخێر).

**شیرین عەبدولرەحمان سدیق قوتابی**: ئەگەر یاسا لە وڵاتدا هەبوو دەبێت هەمووان ملکەچی یاسا بن، واتە گەر هەڵبژاردن کراو حکومەتێک هەڵبژێردرا ئەوا یاسا دەبێت و یاساش پارێزگاری لە هەمووان دەکات، ئێستا عێراقماڵێکی بێسەرپەرشتە، بەڵام کەیاسا هەبوو هەمووان ئیتاعەی دەکەین.




**دایکی زەردەشت**: جاران مانای هەڵبژاردن مانایەکی ناڕاستی هەبوو دەبوایە (بەڵێ) بۆ دیکتاتۆرێک بکەیت کە لە دڵەوە رازی نەبویت ئەوە سەرۆک و سەردارمان بێت، ئەو هیچ مەرجێکی یاسایی و ئەخلاقی تێدا نەبوو، ئەگەر رەچاوی مەرجی هەڵبژاردن کرابوایە ئەوا لەمێژ بوو ئەو دیکتاتۆرە نارەزایی گەل لە کورسی حوکم لای دەدا.



**یەنار محەمەد سالح: سەرۆکی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک**.. من وەک ئافرەتێکی تورکمانی دڵخۆشم بە سازدانی هەڵبژاردن، هیوادارم سازدان یان دواخستنی ئەم پرۆسەیە لە بەرژەوەندی گەلانی عێراقدا بێت بۆ ئەوەی گەلان بە ئازادی بەمافی خۆیان بگەن وگەلێک گەلێکی تر نەچەوسێنێتەوە وەک لە رابردوودا بینیمان.






**هەروەها بەڕێز( فازڵ نەجیب)ی هاوکارمان لە سلێمانی ئەم پرسەی لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک لەو شارە تاوتوێ کرد و ئەو بەڕێزانەش تێڕوانینی خۆیان بەمجۆرە دەربڕی**

**ئیسماعیل عەلی ـــقوتابی زانکۆی سلێمانی:** تارادەیەک متمانەم بەو هەڵبژاردنانە هەیە کە پرۆسەی دیموکراسییەت لە کوردستاندا بباتە پێشەوە. بەڵام لەسەر ئاستی عێراق وانازانم کورد بتوانێت لەگەڵ عەرەبدا وەک دوو نەتەوەی وەک یەک بژی، چونکە عەرەب ئەگەر دەستەڵاتی هەبوو ئەوا برا گەورەیی دەوێت، ئەگەر دەستەڵاتی نەبوو ئەوا ڕێگای موماتەڵە و چاوبەستکردن و دەستخەڕۆکردنی بەرامبەر پیادە دەکات.

**سارا ڕەشیدـــ مامۆستا** : کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە هەڵبژاردنێکی پاک و بێتوندوتیژی تێدا ئەنجام بدرێت. چونکە وڵاتە دراوسێکان و نەتەوەکانی ناو عێراق ئیستنکاری مافی ئێمە دەکەن، بۆیە پێویستە ئێمەش بە پێشکەوتن و دیمکراسییەت خۆمان بسەلمێنین.

**ڕێژین حوسەین ـــ لەسەنتەری ئینتەرنێتی سارا:** بڕوام بە هەڵبژاردنەکان نییە، چونکە تائێستە هیچیان بۆ نەکردووین تا چاوەڕوان بکەین لە ئایندەدا ئیشمان بۆ بکەن . بۆیە بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان ناکەم و دەنگ بە هیچ لایەنێک نادەم. بەڵام لەسەر ئاستی عێراق ، دەنگ دەدەم . چونکە بەرامبەرەکانمان عەرەبن و هەست دەکەم کە پێویستە دەنگ بە کورد بدەم لە بەرامبەر عەرەبدا، بەڵام دەنگ بە هیچ کوردێک نادەم لە بەرامبەر کوردا. چونکە هەموویان هیچیان نەکردووە کە لە ئاستی چاوەڕوانیدا بووبێت.

**جوان ئەسعەدـــ ڕۆژنامەنووس:** بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دوودڵی ناوێت و ئومێدیشم هەیە پێی، چونکە هەموو نەتەوەیەک لە ڕێگای هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدانەوە بە ئاستە بەرزەکانی دیمکراسییەت و ئازادی و خۆشگوزەرانی گەشتووە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە گلەییمان لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو نەبێت، بگرە چاوەڕوان دەکەم ئەم هەڵبژاردنەش لە ئاستی چاوەڕوانی دڵسۆزانی ئەم نەتەوەیەدا نەبێت. بەڵام موقاتەعە کردنی پرۆسەیەکی لەو جۆرە بە کارێکی باش نازانم. بەتایبەت ئێستە کە زۆر موعادەلەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.



**هێرش نامق لە رستۆرانتی مەتبەخ مەتبەخ** : زۆر ئومێدم بە هەڵبژاردنەکان هەیەو ئامادەم دەنگ بدەم. چاوەڕوان دەکەم لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان باشتر دەبێت و دوو ئیدارەکە یەکدەگرنەوە. لەسەر ئاستی عێراقیش، دەنگ دەدەم بە لیستی کوردستانی و ئومێد دەکەم کورد لە عێراقدا دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت.



**عەبدوڵلا موحەمەد کاسبکار:** بەدەرەجەی یەکەم ئومێدم بە دەست وپەنجەی خۆم هەیە نەک حکومەت وحزب و هەڵبژاردن . لەوەتی من هەم تائێستە ئیستیفادەی دینارێکم لە حکومەت نەکردووە. خۆم کاسبکارم و خێزانەکەشم لە ماڵەوە کار دەکات و مووچەخۆرمان نییە. ئیتر کێ دەیباتەوەو کێ دەیدۆڕێنێت و هەڵبژاردن دوا دەخرێت یان دوا ناخرێت، چ پەیوەندیەکی بەمنەوە هەیە. بەڵام پێمخۆشە کورد لەئاست عەرەبدا سەربەرز و دەستەڵاتدار بێت.

## له شاری دهۆكیش هاوكارمان(عەبدولعەزیز موحسین بارزانی) رۆژنامەڤان ژمارەیەك لە چین وتۆیژەكانی ئەو شارەی دواند، بۆچونی ئەم بەرێزانە بەم جۆرە بوو




**سەرەتا هەڤال خالید ئەحمەد گوتی:**

هەڵبژارتنێن ئەنجوومەنێ نیشتمانیێ عیراقێ، دەسپێكا قوناغا سیاسی یا دوویێە د ئاڤاكرنا عیراقا نوی یا دیموكراسی و فیدرالی و فرەلایەنی دا، ئەو لایەنێن ئەڤ پروسە دەسپیكری، فەرە خو دبەرەیەكێ دیموكراسی و نیشتمانیێ بەرفرەهتردا كوم بكەن، پێخەمەتی عیراقی دەربازی بیاڤێ دیموكراتیێ ببیت، چونكو مەترسی گەلەكن.

دەربارەی هەڵبژارتنێن پەرلەمانێ كوردستانێ، سەرەڕای كو ململانێ مەرجەكێ سەرەكییە د هەلبژارتنێن دیموكرتیدا. لێ ب راستی كاودانێن هەرێما كوردستانێ د بیاڤەكێ نمونەییدا نینە. كو ڤێ هەڤركێ بخوڤە بگریت، ب تایبەت كو پتر ژ ٤٠ ٪ ژ هەرێما جوگرافییا كوردستانێ ژ دەرڤەی سنوورێ حكومەتا هەرێما كوردستانێیە. رامالّینا شینوارێن عەرەبكرنێ ب دروستی نەهاتینە جێبەجێكرن، لەوما كورد پتر پێتڤی ئێك رێزی و ئێك دەنگییێ نە، بو داكوكی كرن ژ دوزا سیاسیا خۆ یا رەوا، و د سەنگەرێ بەرهنگاریێ دابن پێناڤا خۆجهكرنا فیدرالیا جوگرافی بو كوردستانێ و دیموكراتی بو عیراقێ و دڤێت دارشتنا دەستوورێ هەمیشەیی ل سەر ڤی بنیاتی بیت

**بشار كێكی:**

هەرچەندە ژ ڤانێ ئەنجامدانا هەلبژارتنان ل هەمبەر گرنگیا سەركەفتنا پرۆسێ بخوبخو هندێ پیرۆز نینە بەلێ هەر دوی دەمێ دا ئەنجامدانا هەلبژارتنان سەركەفتنە بۆ لایەنگیرێن دیموكراسیكرنا پروسێسا سیاسی ل عێراقێ ب گشتی.



ب دیتنا من ل دوماهیێ دێ ئەو كیانێت سیاسێت لسەر بنەماییێت (سونە، شیعە، كورد) دچنە د هەڵبژارتنان دا هەر كیانەكێ دێ سەر ڤی بنەمایی هەڤگرتنێ دێ كەت.

ئەڤجا ژ بو كوردان ژی بدیتنا من گرنگە ب لیستەكا كوردستانی داخلی هەڵبژارتنان بن ژ بەر ڤان ئەگەران.

١- هەر كوردستانییەك ل هەر جهەكی بیت دێ ب دلسوزانە رەئیا خو دەتە ڤێ لیستێ.

٢- كوردستانی خودان سەربۆرەكا دیموكراسانە و فەرە جیهانا ئازاد ژی بزانن كورد بەری عەرەبێن عێراقێ خودان سەربورٍ بووینە.




**خالد دێرەشی رۆژنامەڤان**

ب دیتنا من یا باش ئەوە كو هەلبژارتنین عراقێ بهێنە پاش ئێخستن، چونكە رەوشا عیراقێ یا د قوناغەكا خراپدا دەریاز بیت، ئەگەر هەلبژارتن هەر هاتن ئەنجامدان یا باش ئەوە كورد بە لیستەكا



ئیێکگرت و دیسان ب هەڤپەیمانان دگەل ئالیێن عەرەبی نین مافێن خەلکێ کوردستانێ پەسەند دەکەن بچن بۆ ناڤی هەلبژارتنان و هەمی تشت بە بەلگەنامە و ئیمزا بهێنەکرن.

کورد ل سەر هەلویستێ خو ل دوورکەرکوکێ پەشیمان نین و فشارەکا گرانتر بێخەنە سەر حکومەتا عیراقێ و هەڤپەیمانان بۆ بجهـ ئینانا مادێ (٥٨) ژ یاسایا بەروەختا عیراقێ.



خەلکێ کوردستانێ ب باش بهێتە هاندان بو خو بەرهەڤکرنا هەلبژارتنان و چونا سەر سندوقێن دەنگدانێ.

**ئەحمەد عەبدوللا زوبیر**: براستی ئەڤە دەمەک درێژە حوکمەتا عیراقا فیدرال یا مژویلە و بەرهەمین مەزن دکەت ژ بو هندێ کو هەلبژارتن ل عیراقێ ل دەمێ نیشانکری. ب بوچونا من وەکو روژنامەڤانەک و روژانە دویڤ چوونا رەوشا عیراقێ ژ هەمی لایەکی ڤە دکەم ئەو دەمێ هاتیە نیشانکرن بو هەلبژارتنا ل کانونا ئێکێ یا سالا (٢٠٠٥) بهێنە کرن. نە دەمەکێ گونجایە و ناگونجیت بو ئەنجامدانا هەلبژارتنێن سەرانسەری ل عێراقێ چونکە رەوشا عیراقێ ژ لایێ تەناهی و ئاسایش نە بێ ئارام. تنێ خالەکا گرنگ یا هەیە پێدڤیە بهێتە جێبەجێکرن بەری هەلبژارتن بهێتە کرن ئەو ژی ئەو داخازێن سەرکردایەتیا سیاسیا کوردی ل قانونا بەروەختی عیراقی هاتینە کرن سەبارەت کەرکوکا دلێ کوردستانێ و دەڤەرێن شنگار و زمار و خانەقین و شێخان کو جارەکا ب سەر هەرێما کوردستانێڤە بهێنە گرێدان ب تایبەت ل برگا (٥٨). داکو هەلبژارتن بەرەنگەکێ عادیلانە بهێنە کرن.



**پەروین عەبدولعەزیز**: ئەنجامدانا هەلبژاردن هەتا رادەکێ مەزن دێ کارتێکرنێ لسەر پروسێسا سیاسی و ئاڤاکرنا عیراقەکا دیموکراتی کەت، لەوما بدیتنا من فەرە ئەو هەلبژارتن ب کەش و هەوایەکێ ئازاد دا و ب شێوەکێ پاک و بژوین بهێنە کرن و سەرئێخستنا ڤان هەلبژارتنا ژی ئەگەر ژ لایەکی ڤە ئەرکێ لایەنێن رێکخەر و سەرپەرشت و لایەنێن سیاسی یێن پشکدار بیت ب هاریکاریا نەتەوێن ئێککگرتی و رێکخراوێن دی یێن جڤاکێ دەولەتی، ژ لایەکێ دی ڤە سەرکەفتنا هەلبژارتنا د کەڤیتە سەرملێ وەلاتیان و پێدڤییە هەمی ڤێ پروسیسێ بدەلیڤە بزانن بۆ پشکداریکرنێ د ئاڤاکرنا دەولەتا نوی یا عیراقێ دا، لسەر ئاستەکێ دی سەرکەفتنا ئیرادا مللەتێن عیراقێیە ئەوێن ئەڤە چەندین سالە خەباتێ دکەن بو پەیداکرنا حوکمەکێ دیموکراتی کو ئەڤ هەلبژارتنە بیتە دربەکێ مەزن بو دوژمن و نەحەزێن عیراقا نوی یا دیموکراتی. ئەز حەز دکەم هەرێما کوردستانێ جودا

هەلبژارتنێن خو بکەن و دەڤەرێن عەرەبکری هەمی کوردێن وێ بزڤرنە سەر مال و ملکێن خو و ئەو عەرەب ژی قەستا وارێن خو بکەن و بدروستاهی بکەڤنە سەر ب هەرێمێ ڤە و ژ نوی سەرژمێریی بهێتە کرن ژ بو ئەنجامدانا ڤان هەلبژارتنا.

**ئەیاد بەرواری**



هەر ژ دەسپێکا دامەزراندنا ڤێ دەولەتێ، گەلێن وێ ل ژێر هەمی جورێن ستەمێ و زولمێ دنالین، پشکا مەزن یا ڤێ ستەمێ بارا گەلێ کورد بوو .. لە دور بووچوونا من ئەگەر بارودخێ باژێرێ کەرکوکێ و دەڤەرێن دی یێن نوی رزگار کری ژ دەستێ رژێما بەعسا ژ ناڤچوویی هەر وەکو جاران بمینیت، د بەرژەوەندا گەلێ کورد دا نینە بەشداریێ د وان هەلبژارتنان دا بکەت، ژ بەر ڤێ یەکێ ژی پێتڤییە سەرکردایەتیا سیاسی یا کوردی هەلویستەکێ ب هێز نیشانبدەت ل دور ڤی پرسا چارەنیڤساز و ب هیچ شێوەیەکی نەچیتە دناڤ هەلبژارتنێن عێراقی دا بێ چارەسەرکرنا هەمی ئاسەوارێن تەعریبکرنێ و بوهژاندنا نەتەوەیی نە بتنێ ل باژێرێ کەرکوکێ بەلکو ل هەمی باژێر و باژێرکێن کوردستانێ وەکو (شنگار و خانەقین و مەندلی..هتد) و هەمی دەربەدەرێن کورد بهێتە زڤراندن بو جهێن وان یێ رەسەن. ئەگەر ئەڤ چەندە هەمی نەهاتە ئەنجامدان گەرەکە لێ زڤرین بو رایا جەماوەرێ کوردستانێ بهێتە کرن.




**محەمەد عەلی سەدیق وەلاتی**: ب دیتنا من هەلبژارتنێن جڤاتا نیشتمانیا عێراقی و پەرلەمانێ کوردستانێ ژ کاتێن گەلەک فەر و پێدڤییە دڤی ماوەیدا بهێنە کرن، ل کوردستانێ ژی ئەڤە بو ماوەکێ درێژە کوردستان دبن دەستهەلاتا دو حکومەتێن ژێک جودا دژیت و هەرچەندە پێنگاڤەکا باش بو هاتیە هاڤێتن کو هەتا رادەکی پەرلەمانێ کوردستانێ کریە ئێک پەرلەمان.

ل دور هەلبژارتنان ب گشتی ئەز دبینم کو یێن عیراقێ و کوردستانێ ب ئێک روژ بهێنە کرن. چونکو هەلبژارتن کارەکێ مەزنە و حازربەکا مەزن پێ دڤێت ژ لایێ ئەمنی و ئابووری و راگەهاندنێڤە، هەرچەندە کوردستان ژ لایێ ئەمنی ڤە یا تەنایە.

ل دور هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەز دبینم ئەگەر رێژا چونا دناڤ پەرلەمانی دا بهێتە گهورین بو ١٪ هەروەکو هندەک لایەن بو دچن، داکو رێژەکا پتر ژ حزب و لایەنێن جودا جودا بەشداری پەرلەمانێ کوردستانێ بن.

**ئیسماعیل تاهیر**-: و پشتی نەمانا رژێما رەگەزپەرستا بەغدا نوکە خەلکێ عیراقێ ب گشتی پێدڤی پەیرەوکرنا ڤێ رێ یا



پێشکەفتی یە کو هلبژارتنێ. ئەڤ پروسێسە ل عیراقێ ب گشتی و ل هەرێما کوردستانێ هەتا رادەکی ژ ێک جودانە، یێن عیراقێ بوو جارا ئیکێ دهێنە کرن و شێوازێ بوو هاتیە دانان دیێ یێ گونجایی بیت هەر کێم و کاسیەکا هەبیت ژی دبیت هەتا رادەکی بسانەهی چارە ببیت، لێ ل هەرێما کوردستانێ خالەکا گرنگ ل بەرچاڤ بیت ئەو ژی ئاسایکرنا جوگرافیا سیاسیا کوردستانێ یە بەری هەر هەلبژارتنەکێ، و ژ نوی ئامار و سەرژمێری بهێنە کرن و د دویڤ دا هەلبژارتن لێ بهێنە بجە ئینان. کوردستان ب ئێک کیانێ سیاسی و ب ئێک فراکسیون یان ئیئتلافەکا سیاسی یا بەرفرەهتر پشکداریی بکەن ژ بوو مسوگەرکرنا ئەنجامان،

**شاکر ئەتروشی**



هەر ژ دەستپێکا پەیدابوونا مە وەک میللەتێ کورد ئەم گەلەکێ ئاشتیخواز بووینە و و هەردەم دیموکراسییەت رێباز و ئارمانجا مە بوویە، لەورا ل سەر ڤی بنیاتی هەر ژ کەڤندا مە باوەری ب هەلبژارتنان هەبویە و ئەم لەوێ باوەرێ بوینە کویتێ هەلبژارن دێ کێشێن گەلێ مە چارەسەر کەت و مە ژ گەلەک نەخوشی و مەینەتا پارێزیت، ئەڤجا سوپاس بو خودێ، ب پشتەڤانیا مە ژێکەرێن دیموکراسیەتێ ئەڤە بایێ ئازادیێ بسەر مللەتێ مە دا هاتە خوار و خەلکێ عیراقێ ب گشتی دیێ کوردستانێ ب تایبەتی چاڤەرێ ئەنجامدانا پروسا هەلبژارتنانە. و ئەز دەبیژم ئەم وەک کورد هەر نهو بەرهەڤێن بو ڤێ روژێ و دێ پێشوازیێ ل ڤی روژا دیروکی کەین.

**نزار تاهیر جانگیر/فەرمانبەر**

چ پێ نەڤێنت پشتی پتر ژ (٣٥)سالێن خوێناوی و پری



کارەسات، پروسا ئازادکرنا عیراقێ ب سەرکەفت و بایێ ئازادیێ بو ئیکەم جار ب سەر خەلکێ عیراقێ دا هاتە خوار و وەرچەرخانەک بخوڤەدیت، کو دبیت ئەڤە چەدە بو گەلەک کەسان خەون بوو.

ئەو گەلێن حەز هەلبژارتنان دکەن گەلێن دیموکراتخوازن. لەورا ئەم کورد ب هەمی شیان و هێزێن ... پالپشت و پشتەڤانێن هەلبژارتنانینە و ئەڤە ئومێدا مەیا سەرەکی بو کو روژەک بهێن سەرانێن دکتاتوڕ ل عیراقێ نەمینن هەلبژارتینن دیموکراسی بهیننە ئەنجامدان.

هیڤی خازم ژ دل و گیان هەلبژارتن ب ئاوایەکی سەرکەفتی ب رێڤەبچن و خەلکێ عیراقێ ب گشتی و یێ کوردستانێ ب تایبەتی ب گرنژینڤە پێشوازیێ ل پروسا هەلبژارتنان بکەن.

**نەچیر کەمال/بێژەر**

ئەگەر هەلبژارتنێن کوردستانێ عیراقی د ئێک روژدا نەبن دیتنا من باشترە. چونکی دوو هەلبژارتن وەکی تەڤنەکێ ئالوزە. بیگومان گەلی کورد ژ هەمی ب ئێک لیست بشکداری د هەلبژارتنا عێراقێ دا بکەن ئەڤە دێ بیتە پێنگاڤەکا باش و ژ هەژی ب دەنگ ڤەدان مللەتێ کورد. بەلکو ئەڤە ژی گیانەکێ نو د پەرلەمانێ کوردستانی پەیدا بکەت و دوو ئیدارا نەهیلیت، ئەگەر هەلبژارتنا کوردستانی جوداهیەک هەبیت د هەلبژارتنێن سەرانسەری بی دیتنا من ئەڤە ژی دی بیتە پێنگاڤەکا ئیجابی چونکی ل سالا ١٩٩٢ ێ



سەربورەکی دیموکراسی سەرکەفتی هەیە

**هونەرمەند عەبدولسەلام سلێمان**

هیڤیا من ئەوە هەمی حزبێن کوردستانی دگەل ئەو جهێن رزگار بوی وەک کەرکوک و شنگال و مەندەلی ئەوجهێن تابعی هەرێما کوردستانێ هەمی ئێک دەنگ و ب ئێک رەئی دەنگێ خو بدەن دا ئەم بشێن خو... و هیڤیا من ئەوە لدەمەکێ نێزیک دەنگێ خو بدەین ژ بو دەولەتا کوردی ئەو ژیک کوردستانە دگەل سێ پارچێن دی.

**محەمەد سەدیق سلێمان**: ئەز لوێ باوەرێ مە هەلبژارتن بهێتە



باش ئێخستن دێ پتر د بەرژەوەندییە گەلێ عیراقێ ئو بتایبەتی د بەرژەوەندییا گەلێ کورددا بیت، نەخاسمە ل سایا ئاسایی بوونا رەوشا باژێرێن کەرکوکێ و جێبەجێکرنا مادێ (٥٨) ژ یاسایا بەروەختا ئیدارەی دەولەتا عیراقی، کو زەمینێ خوش دکەت بو دەری خستنا عەرەبێن (هاوردە) ژ کەرکوکێ و ڤەگەراندنا هەمی ئاوارە و دەربەدەرێت کەرکوکێ یا باشتر ژ ڤێ ئەوە کو پارتێن سیاسیێن کوردستانێ نەخاسمە ((پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ب ئێک هەلویست یان ب ئێک لیست پشکداربن د هەلبژارتنا دا بکەن

**ئیحسان حەسەن زوبیر/مامۆستایێ وەرزشی**

بو ڤی قوناغێ ئەڤرو کە پتر ژ هەر دەمەکی پێدڤی ب ئێکگرتنا



رێزین خوینێن ناڤخوی وەکو مللەتی کورد هەیە، ئەو ژی رژدی لسەر فیدرالیەتا جوگرافی وەکو مافێ رەوایێ مە، ژ بلی هندێ پێدڤی بەری دەنگدان بهێتە کرن کێشا دەڤەرێن شوین رزگارکری بیتە کارێ سەرەکی سەرکردێن مللەتێ کورد، چونکو ئەڤروکە دەلیڤە ژ هەر وەختەکی پترە بو بجە ئینانا هیڤی و داخوازین مللەتێ مە ئەو ژی خرڤەبوون بن سیبەرا ئالایێ کوردستانێ یێ کو مە بە هزارەها گەنجێن خو لسەرا داین، یا دیتر ژی فەرە ئەو خەلکێ ژ دەڤەرێن خو هاتینە دەرکرن. ب زوویترین دەم ڤەگەرینەڤە جهێن خوییێن سەرەکی و سەرژمێری تایبەت بو هەمی دەڤەرێن کورد لێ بهێتە کرن دا رێژا دروست یاخو بزانین د عیراقا نوی دا، ب رەئیا من باشترە ئەم ب لیستەکا هەڤگرتی بچینە خوار دویر ژ بەرژەوەندیێن حزبایەتی.

**جەمیل خەلیل**

باشە هەلبژارتن ل کوردستانێ و عیراقێ ب ئێک وەخت دا بهێنە کرن، دا خەلکەک وێ جودا هیا مەزنا پێشکەفتنا شارستانی و مەدەنی دناڤبەرا مە و خەلکەکێ ویدا ببینیت. ئەم دگەل وێ چەندی نینە سەرکردایەتی یا سیاسی کوردی بو ڤی قوناغی چارەنڤیس و گرنگ ب ئێک هەلویست و لیستڤە بچیتە د ناڤ هەلبژارتنادا و باشترە ژی دگەل چەند لایەنێکێن ئازادیخواز و دیموکراتی ل عیراقێ هەڤگرتنەکێ دڤی پروسیسێ دا بکەت. چونکە قوناغ بو مللەتێ کورد و کوردستانێ ئەڤرو یا لە بەرامبەر دوریانەکا سیاسی یا مەزن و پاشەروژا کوردان ب ئاشکرایێ دێ تێدا دیار بیت.


دڤی رەوشا عیراقێدا، رەنگە هەلبژارتن ب رەنگەکێ سەرانسەری و سەرکەفتی بدروستی نەهێتە ئەنجامدان، بەلێ یا فەرتر ئەوە مللەتێ عیراقێ حەز و ڤیانا خو بو دیموکراتیەتێ و ئەنجامدانا هەلبژارتنا لوەختێ خویێ دەست نیشانکری.

**خەلیل کەمال نهێلی**

ئەمێ د کاروانەکێ ئالوزدا دژین و ئەزێ د خودیکەکا روهن دا دبینم ئەڤ پروسە ب سەرکەفتیانە و بێ زیان ناهێتە ئەنجامدان. هەروەسا ئەڤ هەلبژارتنە ب دیتنا من دێ ڤەگڤاستن و زوریەکێ ئێختیە سەر ملێ گەلێ عیراقێ و ئەڤ خەلکە ژ بلی هەریما کوردستانێ دێ ب دلەکێ نەبێ خوش ڤە قەستا سندوقا کەن. و ژ لایەکێ دیڤە ئەز وەک کوردەک هێش نەیێ رازیمە ژ رێژا کوردا د هەردوو پارێزگەهێن مویسل وکەرکوک دا و ئەو سوز و پەیمانێن بومە هاتینە دان کو کورد ڤەگەرن جهێن خوە ب دروستی ب جە نەهاتیە...ئەڤجا ژ بەر ڤان هەردوو خالێن گرنگ پێشنیار دکەم ئەڤ پروسە چەندەکا دی بهێتە پاش ئێخستن و داخوازێ دکەم کورد ب ئێک لیستە پشکدار بێ دڤان هەلبژارتنا دا بکەن.




**(رەوەند هەڵەبجەیی)یش کاتێک ئەم پرسەی لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجەدا باس کرد ئەم بەڕێزانە بەم جۆرە روانیبیانە پرۆسەکە..**



**گۆران محەمەد شۆفێر:** لەوەتی حکومەتی عێراقی دامەزراوە تا ئێستا زوڵم لە کورد دەکرێت بەگشتی و شاری هەڵەبجە بەتایبەتی بۆیە پێموایە هەر عەرەبێکی تر بێتە کورسی دەسەڵات لە بەغدا هەر هەمان بیروبۆچوونی ئەوانی پێشووی هەیە، ئەوانەی بە پشتیوانی کورد جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست چیان بۆ کورد کردووە، کوا بارودۆخی کەرکوکیان ئاسایی کردەوە؟

**سیروان عوسمان هونەرمەندی شێوەکاری:** بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی نەهامەتی نەبینەوە دەبێت زەماناتی نێودەوڵەتی بۆ کورد هەبێت چونکە زۆرمان قسەو بەڵێن بیست و هیچی وا دەرنەچوو، ئەوە پاش رووخانی سەدام و حکومەتی تازەش هەڵەبجە هەر وێرانەیە.



**کۆسار محەمەد/ سەرتاش:** هیچ تروسکاییەک لە پەیوەندی نێوان پێکەوە ژیانی کورد و عەرەبدا نابینم و پێموایە ئەم هەڵبژاردنە ئاکامی باش نابێت و هەرچی هەڵبژاردنی کوردستانیشە گەشبینم بە رێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد..

**هێمن لەتیف:** ئەگەر هەڵبژاردن لەو ماوەیەی دیاریکراوە بکرێت ئاکامی باشی نابێت، بەڵام ئەگەر دوا بخرێت بۆ کاتێک بارودۆخ ئاسایی بێتەوە پێم باشە.

**نەژادی شێخ کامیل: بەرپرسی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی..** ئەگەر هێزە دیموکراتی و نیشتمانییەکان دەست لەناو دەست کار بکەن بۆ ئاوەدانی وڵات و بنەبڕکردنی تیرۆر هەنگاوێکی باشە بەڵام دەبێت کورد مەرجی پێشوەختەی بۆ ئەو هەڵبژاردنە هەبێت بۆ ئەوەی زۆرترینی مافەکانی دەستەبەر بکات.■